# سوودەکانی یۆگا بۆ منداڵان … ڕەزا شوان

یۆگا وەرزشکی جەستەیی و دەروونییە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا، بۆ تایبەتیش لە وڵاتی هیندستان، وەکو ڕەوتێکی ئایینی باو و بڵاوبوو.
وشەی (یۆگا) لە (زمانی سانسکریتی) یەوە وەرگیراوە، کە زمانی کۆنی هیندبوو.
لە ئەمڕۆشدا وەرزشی یۆگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیهاندا تەشەنە دەکات، هەوسداران و هەوادارانی لە زۆربووندان، سوود و گرنگی زیاتری ئاشکرادەکەن، ڕاهێنان و داهێنانی تازە دەخەنە سەری. لە شارەکانی کوردستانی ئەمڕۆشدا وەرزشکاران و حەزلێکەرانی یۆگا لە زۆربووندان، کەمێکی یۆگا و چەندین گروپی تری ئەم وەرزشە هەن.
یۆگا جۆر و شێواز و ڕاهێنانکانی زۆرن، لە ئاسانەوە بۆ قورس دەستپێدەکات، گەورە و منداڵان حەزیان لێی هەیە و بۆ تاک و بۆ کەمێ دەیکەن.
یۆگای منداڵان، بریتییە لە کەمێک مەشق و ڕاهێنانی سووک و ئاسان، کە لەگەڵ توانای جەستەی منداڵاندا گونجاو و لەبارن بۆ تێکەڵبوونی ڕووح و هەش و جەستەیان و بۆ دیهێنانی گونجانی ناوەکی خودی منداڵان.. سەرەڕای سوودی زۆری جەستەیی و دەروونی و کەمەایەتی، منداڵان وەکو یارییەکی خۆش وەرزشی یۆگە دەکەن و خۆشی و شادییەکی زۆریان پێدەبەخشێت.

سوودەکانی یۆگا بۆ منداڵان:

سوودەکانی یۆگا بۆ منداڵان زۆرن، بە کورتی لێم خاڵانی خوارەوەدا، گرنگترینی ئەوسوودانە باس دەکەین:
١ــ یۆگا یەکێکە لەو وەرزشانەی کە پشت بە هێمنی و ئارامی دەبەستێت. کار بۆ ئەوە دەکات کە منداڵان زیاتر لە زمانی جەستە و هەشی خۆیان بگەن، لە ڕێی وەرزشی یۆگاوە فێری هێمنی و ئارامی و ئاسوودەیی دەبن. لە ڕووداو و کارساتەکاندا، زیاتر لەسەرخۆن و ئارامگرن و نەرمەڵویان پێوە دیارە.
٢ــ یۆگا ماسوولکەکان خاودەکاتەوە، ڕێگری لە خۆزان دەکات و یارمەتی منداڵان دەدات کە باشتر بنوون، زۆر لە لکێنەوەکان لە بارەی سوودەکانی یۆگا بۆ منداڵان، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەن، کە منداڵانی خوار تەمەن دە ساڵان، ناتوانن بە شێوەیەکی

گونجاو و پەویست بوەستن، بەام گەر هەندێ لە راهێنەکانی یەگا بکەن، دەبنە هۆکارێکی گرنگ بۆ پشوودان و باشتر نووستن.

٣ــ یەگا یارمەتی رێکخستنی هەناسە دەدات، بۆ تایبەتیش ئەو منداڵانی کە تووشبووی هەناسەتەنگی (ربـو) بوون. لە زۆربەی فشارە دەروونییەکانیش رزگاریان دەبێت. ڕۆژ لە خۆیان دەگرن و لەگەڵ خودی خۆیاندا بە ئارامی و ئاشتی دەژین.
٤ــ زۆر لە لکێنەوەکان، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەن، کە یەگا یارمەتی ئەو منداڵانە دەدات، کە زۆر جووڵە و بزاو و بێئەقڵن و ناوریان، لە ڕەی وەرزشی یەگاوی ڕێک وپێکەوە، ئاسانە کە بەسەر ئەم کێشە نەریانەدا سەربکەون.

٥ــ یەگا یارمەتی خاوبوونەوە و حەسانەوەی لەشی منداڵان دەدات و دەروون ومەشکیان هەوردەکاتەوە. ئازار جەستەش کەمتر دەکاتەوە. یەگا یارمەتی منداڵانی نەخۆش دەدات کە خراتر لە نەخۆشییە درێژخایەنە جەستەیی و دەروونییەکانیان چاک ببنەوە. یەگا چارەسەرێکی تەواوکەری چارەسەرکانە. ئەو منداڵانی کە وەرزشی یەگا بکەن، کەمتر تووشی نەخۆشییە مەترسیدارکان دەبن، چونکە یەگا هەزی بەرگریی لەش چالاکتر دەکات. هەروەها چارەسەری ئازاری ئۆژنە و پشت و پێیەکان دەکات.
٦ــ یەگا دە و دەروونی منداڵان خاوێن دەکات، لە بیر و نیازی خراپ و لە خەیاڵی ناپەسەند و لە بەدکاری و لە چکوسی (ئیرەیی) دووریان دەخاتەوە.. دەتوانن بە ڕووحێکی وەرزشی و هاوەڵەتی و لەبووردن لەگەڵ منداڵانی تردا بگونجێن و هەڵبکەن.
٧ــ بەشێکی زۆر لە منداڵانی بچووک، یەگا بە یارییەکی خۆش دەزانن، پێکەوە جۆرە یەگایەکی ئاسان دەکەن. شادییان پێدەبەخشێت و خۆشی لەوەردەگرن.
٨ــ بە لکێنەوە ئەو سەلمێنراوە، کە یەگا روانین و سەرنجی منداڵان تیژتر دەکات، فێری ئەویان دەکات کە بە وریایی و بە وردی سەرنج بدەن، تا بە سەرکەوتوویی ڕاهێنانەکان ئەنجام بدەن.
ئەو منداڵانی وەرزشی یەگا بکەن، وا هەست دەکەن کە هێشارن و توانایەکی باشیان هەیە، لە خوێندنداسەرنج وردترن لە منداڵانی تر. لە تاقیکردنەوەکانی وانەکانیشدا، بڕوا و متمانەیەکی زیاتریان بە سەرکەوتن و بە دەرچوونی خۆیان هەیە.

٩ــ یەگا وەرزشێکی ململانێ و کێبەرکێ نییە، لە پێناوی بردنەوە و بەدەستهێنانی خاڵات و دەسکەوتدا نییە. قەوارە و قەبارەت و کێش

و شەوی جەستەی منداڵانیش مەرج و گرنگ نییە، هەموو منداڵێک بە پێی حەز و کێش و توانای خۆی دەتوانێت یەکا بکات.
١٠ـ یەکا وزە و گوڕ و تینێکی زیاتر بە منداڵان دەبەخشێت.. کێشی زۆر دادەگرێت و کەمتری دەکاتەوە.. منداڵانیش لە دڵەاوکێ و مشۆشی و خەمۆکی و گۆشەگیری و لە گرژی و لە پەستی و هەڵچوون و رق و کینە و توندوتیژی و خۆپەرستی و شڵانگەزی دوور دەخاتەوە. دەتوانن کۆنترۆڵی خویان بکەن.. بە زمانی گوڕ یەکتری بدوێنن.
١١ـ یەکا گێشبینی و هیواخوازی و دڵخۆشی و شادی و ڕووگەشی بە منداڵان دەبەخشێت. وایان لێدەکات کە چەژی زیاتر لە جوانییەکان وەربگرن و ژیانیان لا شیرینتر بێت و لە ژیانێکی خۆشتر و لە داهاتوویەکی باشتر و گەشتر بڕوانن.
١٢ـ سوودێکی گرنگی تری یەکا بە منداڵان، هێش و هەزر و خەیاڵی منداڵان فراوانتر دەکات، واشیان لێدەکات کە هەمیشە نوێخوازبن و هەردەمیش بیر لە داهێنان و لە دۆزینەوە و لە پشکۆتن بکەنەوە.
١٣ـ یەکا هاوسەنگی و گونجان لە نێوان جەستە و هێش و دەروون و سەزداریدا پێکدەهێنێت، منداڵان لە هەڵەشەیی دوور دەخاتەوە، بە پێلە ڕەفتار ناکەن و بە بیرکردنەوەش بیار نادەن.. بە شێوەیەکی لەژیکیش بیار دەدەن و بە دروستیش گەزارشت و کار و ڕەفتار دەکەن.

ڕەزا شوان
نەرویج: ٢٤ی/یوونی/٢٠١٨